# گەڕانەوە



سیروان حەمەڕەشید
1992-02-20/ هۆڵەندا

کۆمەڵ... کۆمەڵ
لەبالآمبۆ و شنرویَ وە
چەندبەپەلە پێیداهەڵزنان
هیندەش خێرا، هاتنەخوارێ
لەچاویانا، نمەی ئەسرین
وەکو یاقوت دادەبارێ.
لەدڵیانا، بزەی شادی
دەسڕی هیوا...
بەرپەنجەرەی دڵیان دەسڕێ
کۆمەڵ.... کۆمەڵ
دەگەنەسەریەکەم لوتکە
شارەزووریان کەلێدەرکەوت
سیروان دەستیان بۆهەڵدەبرێ
دەگەنەسەرهەرکانییەک
چاوی سیمەن ڕێژکراوی دەکاتەوە
گشتداربەڕووەسوتاوە کان

چرۆدەگرێ.
کۆمەڵ.... کۆمەڵ
چۆن هەڵزنان ،
ئاواش پێکڕا دێنەخوارێ
ڕێێ شارەزان.....
ئەوترسەی ئەم ڕێگایەی پێبڕین
گەورەوبچوک هەتاهەبن
تولەڕێشی لێتێک ناچێ!!

کۆمەڵ.... کۆمەڵ
بەسەرگۆڕی ،
سەدشەهیدی یەک گڵکۆدانوشتانەوە
هەرکێلی مەزارەوسەدان
پەپولەی ماچی بەسینگەوەدەنیشێ !!
گڵکۆی بێکێل
هەرگوڵاڵەماچەو
بەسەریانەوەدەپشکوێ.
چاویان تینوی تەماشایە
پێڵویان بۆلێک نانرێ !!

شارەزوور فەرشی گوڵزارە
هە ڵەبجە بوکی بەهارە
بەڵام سەدداخ....
بێ تارایەو
بێ پڵپڵەوبازنەوگوارە !!
کۆمەڵ.... کۆمەڵ
بۆزەماوەند یان بۆپرسە، دێنەخوارێ
هەندێ قاقاپێدەکەنن
هەندێ فرمێسک

نم نم لەچاویان دەبارێ
لەدامێنی شنروێ وە ، هەڵوێستەی کرد
دەستی کرد بەچەتری چاوی
ڕوانییە شار ؛
تابلۆیەک بوو سیما ژاکاو
بێ ڕەنگی جوانی بەهارە
نوقمی قوڕولیتەکراو
جێگاکەڵبەی....
چەندین گورگی پێوەدیارە!!
ئەم ئێوارە
ڕەنگی ئاوابوونی هەتاو
سووردەچووەوە
وەکو خوێنی ،
سەرشەقامی شاری شەهید
باڵامبۆ ئانیشکی لەسەرڕۆخی
سیروان دادابوو
چاوی بڕیبووە...
دەشت و بناری شارەزوور
سۆزی دڵی دەدا بەگوێی تانجەڕۆدا.
چ وڵاتێکی بێ نازە
چ وڵاتێکی سەرتاپا زامدارە
نیشتمانێ پڕکارەسات
بەڵام بێدەنگ و هاوارە؟!!

لەوشەوەدا تەرمی بێنازیان جێ هێشتی
خەڵک و خوا نەبوو بتنێژێ
لوتکە و بنار
لەسەربالّی تیشکی هەتاو

تەرمییان بردی ،
لەنێودڵی بەفری لوتکا،
هەڵیان گرتی
باران، چرۆ
کانی، بەفر
هەرچوار تابلۆیەکیان نوسی
ئەمە گڵکۆی:
شاری هەڵە بجەی شەهیدە
بەداوێنی شنروێ وە،
هەڵیان واسی .
ئەی شارەکەم
ئەوبەهارەی ،
بەرگی خەمیان لەبەرکردی
لەپرسەی پێنج هەزارگوڵ
بۆپرسەی پێنج هەزارشەهید
کەس سەرخۆشی لێ نەکردی !!

کێ بوو ووتی؟؟
ژیان تێیدا زۆر زەحمەتە
باڵندەی بۆ نایەتەوە
درەخت ئیتر چرۆناکات
شارەزووری ئاڵتونی ڕەش....
گوڵەگەنم
تەنیا بستێ باڵا ناکات ؟!
کێ بوو ووتی ؟؟
باتاوێ لەپەنجەرەی هەورەوە
دەشت و بنار ...
خەندەی مناڵ، تەماشاکات
ئیتر هەرگیز پەنجەی گومان

بۆمەرگی هەڵەبجەی شەهید
درێژ ناکات .

hotmail.com@serwan95